لـە سەرجەم خەڵکی کوردەوە بۆ تەرازووی دادی هەولێر
لـە سەرجەم خەڵکی کوردەوە بۆ کاک سامی شۆڕش
لـە سەرجەم خەڵکی کوردەوە بۆ پەرلەمانی ئەوروپی (چونکە وەزیری ڕوشەنبیری خاوەنی ناسنامەی ئەوروپییە) .

2005-06-04 ئـە. کەمال غەریب ک.

دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆ لـە باشووری کوردستان (بە هەردوو حکوومەتە یەک نەگرتووەکەی سلێمانی و هەولێرەوە) چەندەها ساڵە لاف و گەزافی ئازادیترین و دێموکراتی ترین وولاتانی جیهان لێئەدەن، هیچ بە دووری مەگرن لێم گەر بڵێم ململانی لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپاش ئەکەن لە ڕووی ئازادییەکانی مرۆڤەوە، دێن خۆیان جاڕی ئەو سەپاندن و بێ مافی و نائازادییە ئەوروژینن کاتێک پەتی سێدارە بۆ ڕۆژنامەنوسێک یان نووسەرێک هەڵئەخەن بە ڕۆژی نیوەڕۆ، لایان وایە جیهانی مرۆڤایەتی کل کراوەتە گوێی یان دەنگەکان گۆتکراون، کاتێک دێن بە تاوانێک کەسێکی ڕۆشەنبیری کوردی وەک کاک فەخرەدین تاهیر ئەخەنە تۆڕی دادگایی کردنەوە، کە گوایە لای داوە لە داب و نەریتی نووسین[بە پێی یاسای ڕۆژنامەگەرێتی ژمارە.. ..؟ بەندی..؟ سالی.. .؟.. . تکایە تاوانبار فەخرەدین تاهیر.. . ڕۆژی.. .؟ وەرن بۆ سەرۆکایەتی دادگای هەولێر.
بەڵام یاسا لە تاوانەکانی تردا دەرهەق بە سامانی نەتەوایەتی کورد خۆی ئەکات بە کەڕەی شەربەت کاتێک بە ڕۆژی نیوەڕۆ موزاخانەی شاری هەولێر ئەودیو ئەکرێت یان تاوانبارانی تەقینەوەکەی هەمان شار، دوای دۆزینەوەیان و ئاشکرابوونیان، تا ئەمڕۆ وون ئەکرێن لە بەردەم میداکانی کورد و جیهاندا.. . یان دوو ئیمارات، بۆ زیاتر لە 14 ساڵ (تەنها لە بەرخاتری بەرژەوەندی و حەزی حیزب) ، خۆیان ئەسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردا و یەک ناگرنەوە (واتە ئەوان پابەندی یاساکانی ئاسایشی نەتەوەیی نابن وحسابێش بۆ کەس ناکەن وە کەسیش ناوێریت فزەی لێوەبێت) ، ئێستا کێ ئەبێت دادگایی ئەویتر بکات..؟؟
وەرن دزە گەورەکان (ئەوانەی پێش ڕاپەرین خاوەنی 100$ نەبوون) و خاوەن مەلەفاکان و جاشەکانی سوپای ئەنفال وجاش قلەمەکانی بەعس وبەعسیەتکرییتە کوردییەکانی ڕژیم دادگایی کەن، چیتانە بەر سەر کەسێکی وەک کاک فەخرەدین تاهیر، کە ووشە چەکێتی و پەڕەی ڕۆژنامە قەلغانێتی و ڕۆشەنبیر پارێزەرێتی لە ساڵۆنی دادگادا.. !!
گەر خاوەنی پارە و دەسەڵات بوایە، هانای بۆ چوار دێڕی من و کاک حەمە سەعید حەسەن و کاک کەمال سەید قادر نە ئەهێنها.. .. .. .. کاک فەخرەدین تاهیر من ئامادەم تەنها بە ڕەزامەندی بەڕێزتان، لە هەموو دەرگاکان بدەم تەنها بۆ ڕزگارکردنی بەڕێزتان لەم دادگاییە کارتۆنییە، ، ، ، هەروەک کاک کەمال سەید قادر رایگەیان بۆتان.
تکایە ڕۆشەنبیرانی کورد دەنگتان بڵند کەن بۆ ڕزگارکاردنی کاک فەخرەدین تاهیر، بە نامە، بە ئیمەیڵ بە کەمپین بە کۆبونەوە بە ناڕەزایی دەربرین لە پاڵتاکدا بۆ پشتگیری ووشەی ئازاد دژی جاڵجالۆکانی وەزارەتی ڕۆشەنبیریی بە ناوی سانسۆڕی دەسەڵاتەوە... !!